السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# پێغەمبەر -صلی اللە علیە وسلم- ئەگەر نوێژی بەیانی بکردایە؛ لە شوێنی نوێژکردنەکەیدا دادەنیشت هەتاوەکو خۆر هەڵدەهات (وبەرز دەبوویەوە (لە ئاسمان

لە جابری کوڕی سەمورەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلی اللە علیە وسلم- ئەگەر نوێژی بەیانی بکردایە؛ لە شوێنی نوێژکردنەکەیدا دادەنیشت هەتاوەکو خۆر هەڵدەهات وبەرز دەبوویەوە (لە ئاسمان)، وپێغەمبەر -صلی اللە علیە وسلم- لەو شوێنەی کە نوێژی بەیانی تێدا دەکرد دادەنیشت هەتاوەکو خۆر هەڵدەهات، ئەگەر خۆر هەڵبهاتایە هەڵدەستا، و ئەوان (هاوەڵانی) باسی شتەکانی (سەردەمی) جاهیلیەتیان دەکرد، و (لەسەر ئەو شتانە) پێدەکەنین، و (پێغەمبەر -صلی اللە علیە وسلم-) زەردەخەنەی دەکرد.

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە)]

سوننەتی پێغەمبەر -صلی اللە علیە وسلم- وابوو ئەگەر نوێژی بەیانی بکردایە، لە شوێنی نوێژکردنەکەی دادەنیشت هەتاوەکو خۆر هەڵدەهات و بەرز دەبوویەوە لە ئاسمان، و لەو شوێنەی نوێژی بەیانی تێدا دەکرد هەڵنەدەستا؛ هەتا خۆر هەڵدەهات. ئەگەر خۆر هەڵبهاتایە؛ هەڵدەستا، و هاوەڵان قسەیان دەکرد؛ و باسی هەندێک لە هەڵسوکەوت و شتەکانی خۆیانیان دەکرد لە پێش ئیسلام، و ئەویش -صلی اللە علیە وسلم- بێدەنگ بوو، ئەگەر ئەوان پێبکەنینایە؛ ئەمیش لەگەڵیاندا زەردەخەنەی دەکرد.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65411

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee